OCHA

# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق

## ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. ٢٢ (٢٢ی نۆڤێمبەر–٢٨ی نۆڤێمبەر)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ٢٢ی نۆڤێمبەرهەتا ٢٨ی نۆڤێمبەر لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەو ڕاپۆرتە دانراون چیتر دەقیق نابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٠١٤/١٢/٥ دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- زیاتر لە ٢ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی پشت ڕاستکراونەتەوە لە ناو عێراق. ژمارەی پلان بۆ دانراوی تیمی سەرەکی مرۆیی ووڵات لە ٢,١ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی ڕادەوەستێت.
- وەرزی زستان بەردەوامە لە بەهێزبوون، لەوانە بەهۆی بەفر لە ئامێدی و دهۆك و ناوچە بەرزەکانی تری پلەی بەرز لەم هەفتەیە.
- ژمارەیەکی زۆر لە گەڕانەوەکان سەرهەڵدەدەن هەروەك هێڵی پێشەوە بەردەوام لە گۆڕان دایە. نیگەرانیە جدیيەکانی پاراستن لە بەرزبوونەوەدان، لەوانە ئامادەیی بەرفراوانی پاشماوەی چەك و تەقەمەنی جەنگ.
- زیاتر لە ١,٥ ملیۆن لیتری سووتەمەنی لە خەزنەکانی کەرکوکەوە گەیەنراونەتە هەرێمی کوردستان بۆ ئاوارە ناوخۆیيەکان، بەڵام پارێزگاکان دووچاری بەرەنگاربوونەوەی کێشەی کەل و پەلەکان دەبنەوە لە دابەشکردنیان.



بارانی بەخوڕ لە خێوەتگەی ئاوارە ناوخۆییەکانی بەحرکە لە هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عێراق نووسینگەی هەماهەنگی بۆ کاروباری مرۆیی/ ئانسۆن ئەڤانەسیادس

| ٢٣٠٠٠٠ | ١,٧ ملیۆن | ١,٥ ملیۆن | ٢,١ ملیۆن | ٥,٢ ملیۆن |
|---|---|---|---|---|
| ئاوارەی سوری | کۆمەڵگاکانی خانەخوێ ی زیانبەرکەوتوو | کۆمەڵگا ناخانەخوێکان کە زیانیان بەرکەوتووە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی گرووپە چەکدارەکان | ئاوارە ناوخۆییەکان (ژمارەی پلان بۆ دانراو) | خەڵك لە پێویستی دان |

## تێروانینێکی بارودۆخەکە

زیاتر لە ٢ ملیۆن خەڵك کە دەکاتە (٣٣٠٠٠٠ خێزان) پشت ڕاستکراونەتەوە وەکو ئاوارە لە ناو عێراق لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤، بەگوێرەی دواهەمین خولی سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبوون. ڕێبازێکی نوێ لە کاتی ئێستادا جێبەجێ دەکرێت کەوا بڕ و جۆری زانیاری کۆکراوە باشتر دەکات بە لەخۆگرتنی زانیاری پۆلێنکراوی تەمەن و ڕەگەز؛ ئاوارەبوونی دووەم و سێیەم؛ و زانیاری زیاتر لەسەر پێویستیەکان، مەبەستەکان و زانیاریە سەرەکیەکانی تر. ئەمەش بە شێوەیەکی باشتر خەسڵەتەکانی دیمۆگرافیای دانیشتووانانی ئاوارە بەرجەستە دەکات. ژمارەی پلان بۆ دانراو لەلایەن تیمی سەرەکی مرۆیی ووڵات لە ٢,١ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی ڕادەوەستێت.

بارودۆخی ئەمن و ئاسایش لە ناوچەی کەرکوك لەم هەفتەیە بەرەو خراپی چووە هەروەك شەڕی توند بەردەوامی هەیە لە نێوان هێزەکانی حکومەت و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (داعش) لە سێ ناوچەی جیاواز و ڕۆژئاوای کەرکوك، کە بۆتە ئەنجامی کەوتنەوەی قوربانی زۆر. ئاوارە ناوخۆییەکان بەردەوامن لە هەڵاتن بۆ کەرکوك، کە ئێستا سێیەمن گەورەترین ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ووڵاتە لە دوای دهۆك و ئەنبار. کۆی ژمارەی ئاوارەکان لە کەرکوك ناکۆکی لەسەرە، لەگەڵ خەمڵاندنەکان کە دەگۆڕێت لە ٢٠٠٠٠ خێزانەوە کە دەکاتە (١٢٠٠٠٠ کەس) بۆ ٦٢٠٠٠ خێزان کە دەکاتە (٣٧٢٠٠٠ کەس).

+ For more information, see “background on the crisis” at the end of the report

خەملاندنی سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارە لە ڕۆژی ٩ی نۆڤێمبەر بریتی یە لە ٢٨٥٠٠ خێزانی ئاوارە کە دەکاتە (١٧١٠٠٠ کەس). کار بەردەوامی هەیە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو کەم و کوڕیانە. لەو کاتەی، تیمەکانی هەڵسەنگاندن پشت ڕاستیان کردۆتەوە کە ١٤٦ خێزانی نوێ ی ئاوارە لە ناوچەکانی حی ئەلنەسر و حوزەیرانی کەرکوك پێویستیان بە شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلە سەرەکیەکانی ناخۆراکی و هاوکاری پارەی کاش هەیە.

خێوەتگەی لەیلانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەرکوك بەرەوپێشووەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەگەڵ چەسپ کردنی ١٤٩٠ڕەشماڵ و ٣٧٦ چێشتخانە و هەرچەندە چەسپکردنی کارەبا بەردەوامی هەیە لە دواکەوتن لە دواوەی ئەو خشتەی کاتیەی کە ڕێککەوتوون لەسەری. لە ڕۆژی ٢٢ی نۆڤێمبەر، نزیکەی ٤٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی گەیشتوونەتە خێوەتگەکە، کۆی ژمارەی خێزانە ئاوارەکان لەوێ بریتی یە لە ٤٥٠ خێزانی ئاوارە. نزیکەی ٣٠ قوتابخانەی داگیرکراو چۆڵکراون و ٤٧٢ خێزان کە دەکاتە (٢٦١٨ کەس) گواستراونەتەوە. لەو ژمارەیە، ٢٥٠ لەو خێزانانە جولاونەتەوە بۆ خێوەتگەی لەیلان، لەوکاتەی ئەوانەی کە ماونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان دۆزیوەتەوە لە شوێن نیشتەجێبوونی تایبەت یان لەگەڵ خێزانەکانن. ئاوارە ناوەخۆییەکانی خێوەتگەی لەیلان دەبێت بە خاڵی پشکنین دا بڕۆن بۆ گەیشتن بە شاری کەرکوك. ئەگەر ئەوان ناسنامەی باری کەسێتیان پێ نەبێت، ڕێگایان پێ نادرێت کەوا بچنە ژوورەوە بۆ ناو خێوەتگەکە.

دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ بەردەوامن لە داواکردنی هاوکاری فریاگوزاری مرۆی زیاتر. هاوکارانی مرۆیی زیاتر و سەرنجێکی مەزنتر بە پەلە پێویستن بۆ فراوانکردنی دابین کردنی هاوکاری بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان لە کەرکوك. بارودۆخەکە بەرەو خراپی دەچێت بەهۆی دواکەوتنەکان لە تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدڕاڵ، لەوانە بۆ هەندێ لە ڕێکخراوە ناحکومیە تەندروستیەکان کە ئارەزوو دەکەن لە کەرکوك کار بکەن.

دەست گەیشتنی مرۆیی بۆ دانیشتووانانی کە لە پێویستی دان بە سنورداری دەمێنێتەوە بۆ زۆربەی ئەو ناوچانە یان لە نزیك هێلەکانی پێشەوەن. هەروەها دەست گەیشتنی ئاوارە ناوەخۆییەکان بۆ ناوچەکانی سەلامەتتریش بە سنورداری دەمێنێتەوە، هەروەك ژمارەی پارێزگاکان لەسەرتاسەری وولات سنورداریەکان دێنێتە پێشەوە لەسەر چوونەژوورەوەی ئاوارە ناوەخۆییەکان. شەڕی توند لە باکوری پارێزگای دیالە بۆتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر بەرەو ناوچەکانی خانەقین و کفری. لە یەك نموونەدا هەندێ لە ٢١٥ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی چەند جار ئاوارەبوون کە ئێستا لە گوندی تەل نەقار دەژین، لە نزیك شارۆچکەی کفری لە پارێزگای دیالە . ئاوارە ناوەخۆییەکان سەرەتا لە پارێزگای سەڵاحەددین ئاوارەبوون لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ و هەڵاتوون بەرەو ناوچەی خانەقین، بەڵام ڕەتکراونەتەوە کەوا بچنە ژوورەوە بۆ ناو خانەقین و کفری. ئاوارە ناوەخۆییەکان لە شوێن نیشتەجێبوونی گۆڕاو ژیانیان بەسەر بردووە بۆ چوار مانگی ڕابردوو لەگەڵ کەمێك لە هاوکاری مرۆیی. هەروەها ڕاپۆرتەکان هەن لەبارەی سنوردارکردنی جولانەوە لەسەر ئاوارە ناوەخۆییەکان کە هەڵدێن بەرەو بەغدا، و ڕاپۆرتەکان لەبارەی سنوردارکردنی زیاتر لە هەرێمی کوردستانی عێراق دوابەدوای تەقینەوەکەی ڕۆژی ١٩ی نۆڤێمبەر بەهۆی خۆکوژێکەوە لەبەردەم باڵەخانەی پارێزگای هەولێر، کە پێنج خەڵکی شەهیدکرد و ٢٩ خەڵکی تریشی بریندار کرد.

سەرەڕای بەردەوامی پێکدادانەکان لە زۆربەی ناوچەکان، ژمارەیەکی بچووك لە گەڕاوەکان بەردەوامن لە هەندێ ناوچەدا، لەوانە لە زوومار و لە ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ. ئاوارە ناوەخۆییەکان کە دەگەڕێنەوە بەرەنگاریەك دێننە کایەوە لەم هەنگاوەدا، هەروەکو زۆربەی ناوچەکانی تریش لە نزیك هێلی پێشەوە دەمێننەوە یان ئەو ناوچانەی کە بە شێوەیەکی زۆر پیس بوون بەهۆی پاشماوەکانی تەقەمەنی جەنگەوە. هاوکارانی مرۆیی هەوڵەکانی دەست گەیشتن زیاد دەکەن بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە بارەی مەترسیەکان پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، و کاربکەن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ کە پەیوەندیان بە کێشەکانی پاشماوەی تەقەمەنی جەنگەوە هەیە. هەروەها هاوکارانی مرۆیی کاردەکەن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ بۆ دڵنیاکردنەوەی کە ئەوانەی دەگەڕێنەوە جێبەجێ کراون بە شێوەیەکی تەواو خۆبەخشانە.

سووتەمەنی بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان، کە نێردراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ڕێگای کۆگاکانی کەرکوك، دەستیان پێکردووە بە گەیشتن بۆ پارێزگاکانی کوردستان. پارێزگای هەولێر ئەم هەفتەیە ڕایگەیاند کە ئەوان پێش وەختە زیاتر لە ١,٥ ملیۆن لیتری سووتەمەنیان وەرگرتووە، لەوکاتەی پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی پشت ڕاستیان کردۆتەوە کە ئەوان دەستیان پێکردووە بە وەرگرتنی نزیکەی ١,٥ ملیۆن لیتر و ٥٠٠٠٠٠ لیتر (بەبێ جیاوازی) کە چارەنووسە بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان لە ناوچەکانی خۆیان. هاوکاری زیاتر داواکراوە لەلایەن نووسینگەکانی پارێزگار بۆ ئاسانکردنی گواستنەوە و توخمەکانی کەل و پەلی تری دابەشکردن.

لە پارێزگای دهۆك، گواستنەوەی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە قوتابخانەکانەوە بەردەوامی هەیە لە پێش دەستپێکی خشتە بۆ دانراوی ساڵی ئەکادیمی (دواخراو) لە ڕۆژی ١ی ١٢. ٧٧ قوتابخانە هێشتا بە داگیرکراوی ماونەتەوە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان لە پارێزگاکە، لە قەزاکانی سمێل و دهۆك. هەروەك لە ڕۆژی ٢٤ی نۆڤێمبەر، نزیکەی ٨٢٠٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی لە قوتابخانەکانەوە جولاون بەرەو خێوەتگەکان. هەروەها سەرنج دراوە بۆ دانیشتوانانی ئاوارە کە لە بارودۆخێکی خراپ دا ژیان بەسەر دەبەن لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان و شوێن نیشتەجێبوونی نافەرمیەکان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە نیشتەجێبوون لە شوێنی نیشتەجێبوونی وەرگا دەلال و باڵەخانەی بەشی دابین لە زاخۆ. هەرچەندە ئەو سروشتە جیاوازەی باڵەخانەکانی هەندێ لە خێوەتگەکان و بەتایبەتی نیگەرانیەکانی کە

پەیوەندیان هەیە بە نەبوونی سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆ و دەست گەیشتنی تەوالێتە دوورەکان لە هەندێ لە ڕەشماڵەکان لە هەندێ لەو خێوەتگایانە، بەرگری هەیە لەلایەن هەندێ لەو ئاوارە ناوەخۆییانە بۆ جولانەوە لە شوێن نیشتەجێبوونەکانیانەوە. گروپێکی ٥٣٧ خێزانی لە باڵەخانەکانی (دابین)ی تەواو نەکراو لە زاخۆ ڕەتیان کردۆتەوە کەوا بجولێن بۆ خێوەتگەی بێرسڤی ١ بەهۆی بارودۆخەکانی ژیانی لاواز. لەو شوێنەی کە دەکرێ، و پاڵپشتی دارایی لەبەردەستدایە، قەبارەکانی قەرەبووکردنەوە لە شوێنەکە دانراون لە خێوەتگەکان کە دانەمەزراوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان. دەسەڵاتدارانی دهۆك ئاماژەیان کردووە بە ئامادەییەکی بەهێز بۆ دانیشتووانانی ئاوارە کە دەمێننەوە لە خانوی تەواونەکراو بۆ جولانەوە بۆ خێوەتگەکان، هەروەك دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان کە پەرش و بڵاوبوون لە زیاتر لە ٦٥٠ قەزا کە بۆ حکومەت کرداری نیە.

خشتەی کاتی پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق کۆتایی پێهات لە ١٥ی نۆڤێمبەر. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەیەکەوە لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی، کاردەکات بۆ ئامادەکردنی قۆناغی دووەمی ئەم بەڵگەنامەی ئۆپەراسیۆنیە، کە ماوەی هەتاوەکو کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠١٥ لە خۆ دەگرێت. مەشقێکی جەردکردنی کۆگا بەڕێوەچوو بەدرێژایی ماوەی ڕاپۆرتکردنەکە بۆ دەست نیشانکردنی دەستکەوتەکان و بۆشاییەکان لەبەرامبەر ئامانجە دەست نیشانکراوەکان. چاوپیاخشاندنەوە و پلانی بەرەو پێشوەچوونی ۆرکشۆپەکان جێبەجێ کراون لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی لەگەڵ بەژداری کردنی دەسەڵاتدارانی لەسەر ئاستی هەرێمی و پارێزگا و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان. پلانەکانی ئۆپەراسیۆنی بۆ قۆناغی ٢ ی پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە، کە ماوەی هەتاوەکو ٣١ی مانگی ئازاری ٢٠١٥ لەخۆدەگرێت، کۆکراونەتەوە.

لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤێمبەر، نەتەوە یەکگرتووەکان چالاك کردنی ١٦ ڕۆژەی لە دژی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی دەست پێکرد؛ هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی کە بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ بەردەوام دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری و پەروەردەکردنی خەڵکی سەبارەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. لە هەولێر، هەڵمەتەکان دەستی پێکردووە لە ڕۆژی سێشەممە بە ئامانجی تیشك خستنە سەر ئافرەتانی عێراقی ئاوارەبوو بەهۆی ململانێکەوە.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی پاك و خاوێنی و خاوێنکردنەوە

پێویستیەکان:

- ئاوارە ناوەخۆییەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دەستیان ناگات بە ئامێرەکانی ئاو گەرم کردنەوە و کەل و پەلە پەیوەندیدارەکانی کە ناخۆراکین بۆ دابین کردنی ئاوی گەرم بۆ شوشتن و پێداویستی پاك و خاوێنی کەسی بە درێژایی مانگەکانی زستان.
- بودجەکانی پارێزگاکانی میسان و واسیت و زیقار بە سنوردای دەمێننەوە هەروەك بودجەکانی حکومەتی فیدراڵ نەنێردراون. ئەو ناوچانە ئەستەمیان هەیە لە دابین کردنی ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی بۆ ئاوارەکان.
- دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ لە پارێزگاکانی نەجەف و بابل و واسیت داوای هاوکاری مرۆیی بەپەلە دەکەن بۆ دابین کردن و چەسپ کردنی تەولێتە گەڕۆکەکان و حەمامەکان بۆ ١٤٠٠٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی.

وەڵامدانەوە:

- دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ لە قەزای دیوانیە (پارێزگای قادسیە) ٥٠٠٠ بۆتڵی ئاویان دابەش کردووە لە قەزا بچووکەکانی غیامەس و شەنافیە بۆ ٢٥٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی.
- هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی پاك و خاوێنی بەردەوامی هەیە لەلایەن هاوکارانی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی، کە دەکەنە ئامانجی خۆیان بەتایبەتی ئافرەتان و کچان، لە پارێزگاکانی بەسرە و نەجەف و ئەنبار سوودیان گەیاندووە بە زیاتر لە ٢٨٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی.
- هاوکارانی گروپی ئاو وخاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی وەڵامی داوایەکیان داوەتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارێزگای نەجەف و ٥٧ تانکی ئاویان دابین کردووە بە (توانای ٥٠٠٠ لیتر) هەروەها ١٠ تانکی ئاو (بە توانای ١٠٠٠٠ لیتر) بۆ سوودگەیاندن بە زیاتر لە ١٦٧٥٠ ئاوارەی ناوەخۆیی کە نیشتەجێبوون لەسەر شەقامی سەرەکی نێوان نەجەف و کەربەلا.

- هاوکاری خاوێنکردنەوە گەیشتۆتە ١٩٧٢٣٠ خەڵك لە پارێزگای دهۆك، زیادبوونێك بە ١٤٥٠٩ خەڵك هەیە لە ماوەی ڕاپۆرتکردنی پێشوو.
- بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی گەیشتوتە ٢٨٤٩٨٠ خەڵك لە پارێزگای دهۆك، زیادبوونێك هەیە بە ٢١٤٤٧ خەڵك لە وەتەی ماوەی ڕاپۆرت کردنی پێشوو.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لەبەرچاوگرتنەکانی ئەمن و ئاسایش چوونەژوورەوە بۆ پارێزگای ئەنبار زۆر ئەستەم دەکەن لە دابین کردنی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی.
- دابین کردنی ٨٨٠ پێداویستی پاك و خاوێنی کە ئاوارە ناوەخۆییە زۆر هەژارەکان دەکاتە ئامانجی خۆی لە پارێزگای سەلاحەددین لە سامەڕا، دواکەوتوە بەهۆی کێشەکانی ئەمن و ئاسایش لەسەر شەقامی بەغدا و سامەڕا.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- نزیکەی ٢,٢ ملیۆن خەڵك داوای هاوکاری مرۆیی بەپەلە دەکەن لە پارێزگاکانی ئەنبار و کەرکوك و دیالە و موسڵ و سەلاحەددین.

وەڵامدانەوە:

- بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی گروپ، دابەش کردنی پسوولەی خۆراك پلانی بۆ دانراوە بۆ ٥٠٠٠٠٠ خەڵك لە پارێزگای دهۆك.
- کۆمەکیە خۆراکیەکانی تایبەتکراو زیاد کراون بۆ وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلە بۆ منداڵانی کە تەمەنیان لە نێوان شەش مانگان و پێنج ساڵان دایە وەکو قەبارەیەکی سەرەتایی بۆ ڕێگە گرتن لە بەدخۆراکی.
- گروپەکە هاوکاری نزیکەی ٩٨٠٠ خەڵکی کردووە بە وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلە لە پارێزگاکانی ئەنبار و دیالە و کەربەلا و کەرکوك.
- لە مانگی نۆڤێمبەر، پارچەکانی خۆراکی خێزانی دابەش کراون بەسەر دانیشتووانانی ئاوارە لەگەڵ ئاسانکاریەکانی چێشلێنان کە یارمەتی ٢٦٠٠٠٠ خەڵکی کردووە. ٥٠٠ تەن لە خۆراك گەیەنراوەتە دەستی ٥٩٣٧ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە شاری سلێمانی و قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار و شارەزووری سەر بە (پارێزگای سلێمانی).
- زیاتر لە ١٧٠٠٠ خێزان هاوکاری کراون لەلایەن هاوکارێکی گروپەکەوە بە پێدانی تۆی گەنم و مەوادی کیمیایی بۆ چاندنی وەرزی زستانە.
- هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ پرۆگرامی کاری پارەی کاش بەکۆتا هێنراوە لە پارێزگاکانی موسڵ و دهۆك، و هەروەها جێبەجێ دەکرێت لە پارێزگای دیالە. ئەمەش دەبێتە ئەنجامی دەرفەتەکانی ئیش و کاری کاتی بۆ ٣٠٠٠٠ خەڵك بۆ هەردوو ئاوارە ناوەخۆییەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان لە دووبارە بوژانەوەی پێکهاتەکانی تایبەتمەندیدار بە کشتوکاڵ.
- گروپی کاری هەڵسەنگاندنی گروپەکە دەستی کردووە بە هەڵسەنگاندنەکانی ئەمن و ئاسایشی خۆراك بە قوڵی لە ئەنبار و پارێزگاکانی تر بۆ هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی خەڵکی کە لە ناوچەکانی زیان بەرکەوتووی ململانێ دەژین لەو شوێنەی کە هاوکاری مرۆیی سنوردارە دابین کراوە بۆ نیگەرانیەکانی دەست گەیشتن.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە پارێزگاکانی ئەنبار و موسڵ و سەلاحەددین و دیالە و کەرکوك ڕێگە دەگرێت لە دەست گەیشتنی هاوکاری مرۆیی.
- بۆشایی پاڵپشتی دارایی بۆ هاوکاری کردنی جوتیاران و گاوانەکان کە زۆر پێویستیان هەیە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوارەبوونی ئەم دواییە (لە هەردوو لەناوخودی و دەرەوەی پارێزگاکانی زێدی خۆیان) لە ئەنبار و کەرکوك و واسیت.

## شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلەکانی کە ناخۆراکین

پێویستیەکان:

- ئەنجامە سەرەتاییەکان هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی سەر بە فرە گرووپی REACH (بە هاوکاری وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) کە ئاماژە دەکات بە جل و بەرگی زستانە کەوا بریتی یە لە کاری سەرەکی لە نێوان ٧٠ و ٨٠ لەسەدای ئاوارە ناوەخۆییەکان لە دەرەوەی خێوەتگەکانی ناو هەرێمی کوردستانی عێراق، بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان.
- نزیکەی لەسەدا ٤٠ی ئاوارە ناوەخۆییەکان چاودێریکراون لە دەرەوەی شوێنی خێوەتگەکان ڕاپۆرت دەکات کە کەل و پەلەکانی ناوماڵ بریتین لە پێویستی سەرەکی، لەگەڵ هیتەرەکان کە بریتین لە گرنگترین کەل و پەلەکان. شوێنی نیشتەجێبوونی وەرزی زستانە بریتی یە لە پێویستی سەرەکی بۆ نێوان ٢٠ تا ٣٠ لەسەدای ئاوارە ناوەخۆییەکان.
- لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی خێرای جیا کە جێبەجێ کراوە لە پارێزگاکانی نەجەف و کەربەلا، شوێن نیشتەجێبوونەکان لەگەڵ خسوسیاتی زیاتر داوا کراون لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان کە لە مزگەوتەکان دەژین.

وەڵامدانەوە:

- توانای شوێنی نیشتەجێبوون فراوان کراوە لە سەنتەرێکی کۆکردنەوەی ئاوارەکان لە بەسرە بە نۆژەنکردنەوەی ٩٥ یەکەی نیشتەجێبوون لە باڵەخانەکانی ئێستا. چوار پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکی دابەش کراون بۆ خێزانە ئاوارە ناوەخۆییە نوێیەکان کە لە سەنتەری کۆکردنەوەی ئاوارەکان دەژین و ١٠ تریش دابەشکرابوون بۆ خێزانانی دەستنیشانکراوی هەژار لە پارێزگای میسان.
- ٥٠٠ ڕەشماڵ گەیەنراون بۆ دوو خێوەتگەکان ( ٢٠٠ ڕەشماڵ بۆ میسان و ٣٠٠ ڕەشماڵ بۆ بەسرە).
- چەسپ کردنی ٣٩٨٥ ڕەشماڵ لە نەجەف (٢٠٥٠) و کەربەلا (١٩٣٥) دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی بۆشایی زیاتر و خسوسیات بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان دابین بکات کە لە مزگەوتەکان دەژین. ٩٠ لەسەدای ئەوانەی کە کراونەتە ئامانج دەستیان پێ گەیەنراوە.
- لە شاری هەولێر، ٧٤٢ پسوولەی وەرزی زستان و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان دابەشکراون و ٢٥ کەرەڤانە گەیەنراونەتە دەستی ئاوارە ناوەخۆییەکان وەکو بەشێك لە پرۆگرامی خانوبەرەی کاتی.
- لەسەر هێل لەگەڵ پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، دابەشکردنی ئامانجکراوی ١٩٧٩ پێداویستی وەرزی زستانە لە دهۆك کە دەکاتە (٩٠٠) و لە هەولێر کە دەکاتە (١٠٧٩) تەواو کراون.
- لە پارێزگای دهۆك هاوکارانی گرووپەکە هەماهەنگی دەکەن بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان کە لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان و چۆڵکراوەکان دەژین. دابەشکردنی پێداویستیەکانی وەرزی زستانەی هەماهەنگی کراو بەردەوامیان هەیە لە ٢٦٤ شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان کە ٤١١٤٢ کەس دەکاتە ئامانجی خۆی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بۆشاییەکانی پاڵپشتی دارایی بریتین لە ڕێگریەکی مەزن بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی هاوکارانی گرووپەکە. لەسەدا ٧٧ی ئەو پاڵپشتیە داراییەی کە داواکراوە لە ژێر پلانی وەڵامدانەوەی ستراتیژی بە پڕنەکراوی دەمێنێتەوە. لەو ٤٣ پێشنیارەی کە سەلمێنراون، تەنها ٩ لەوانە بەشێکی پاڵپشتی دارایی کراوە.

## هەماهەنگی خێوەتگە و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

پێویستیەکان:

- دابین کردنی خزمەتگوزاری و نەخشەدانان بەردەوامیان هەیە لەوەی کە بینە کاری سەرەکی بۆ دڵنیاکردنەوەی دابین کردنێکی گونجاو و ڕێك و پێکی خزمەتگوزاریەکان هەروەك خێوەتگەی زیاتر بۆ خەڵکانی ئاوارە دەکرێنەوە.
- ژماردنی دانیشتوانانی ئاوارە کە لە قوتابخانەکانەوە گواستراونەتەوە بۆ خێوەتگە نوێیەکان پێشنیاری ژمارەکان ئاوارەبوون دەکەن لە قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆك کە لەوانەیە کەمتر بێت لەوەی کە سەرەتا خەمڵاندنی بۆ کرابوو. ئەمەش پێشنیاری ئەوە دەکات کە خێوەتگەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان لەوانەیە بتوانن زۆرینەی دانیشتووانانی دەرەوەی خێوەتگەی تێدا نیشتەجێ بکرێت لە پارێزگاکە.

- هاوولاتیانی خێوەتگە بەردەوامن لە دەست نیشانکردنی زانیاری سەرەکی لەسەر خزمەتگوزاریە مرۆییەکان و هاوکاری وەکو پێویستیەکی سەرەکی.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە هەوڵەکانی خۆی فراوان دەکات، هاوکارانی لە پارێزگای هەولێر خزمەتگوزاری ئامێرەکانی چاودێریکردن پەرەپێدەدەن و ڕێبازەکانی تر بۆ فۆرمی فراوان لەسەرتاسەری خێوەتگەکان. لە نێوان شتەکانی تر، ئامێرەکان دڵنیایی دەدەن لەوەی کەوا دەست پێشخەریەکان ستانداردەکانی کەرتی دامەزراو پردەکاتەوە.
- خێوەتگەکان لە پارێزگای دهۆک بەردەوامن لە وەرگرتنی ئاوارە ناوەخۆییە گواستراوەکان لە قوتابخانەکانەوە. هەموو قوتابخانەکانی کە داگیرکراون لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان پێشبینی دەکرێن کەوا بەم زووانە چۆڵ بکرێن. دەسەڵاتدارانی حکومەت ئینجا پلان دادەنێن بۆ جەخت کردنەوە لەسەر گواستنەوەی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە باڵەخانە چۆڵکراوەکان و تەواو نەکراوەکان دەژین.
- مەشقەکانی بنیاتنانی توانا بۆ ستافی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردنی خێوەتگە جێبەجێ کراون لە دهۆك لەلایەن حکومەت بە درێژایی هەفتەکە. مەشقەکان لە ناوچەکانی تر پێشبینی دەکرێن کەوا دەست پێ بکەن لە هەفتەکانی تر بۆ ئەوەی هاوکاری بەڕێوەبەرانی ڕاهێنان پێکراوی خێوەتگەی ئەم دواییەی حکومەت بکەن.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بۆشاییەکان لە پاڵپشتی دارایی دەبنە ڕێگر لە پەرەپێدانی خشتەی کاتی ڕێك و پێك بۆ تەواوکردنی خێوەتگەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان. لەوەش زیاتر، ئەگەری بۆشاییەکی گەورە هەیە بۆ هاوکاری خزمەتگوزاری تەرخانکراو لە خێوەتگەکان لە ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی ناڕوونی لە پاڵپشتی دارایی لە ساڵی تازەدا. هەروەها بارودۆخەکانی کەش و هەوای وەرزی زستانیش تەواوکردنی خێوەتگەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان دوادەخەن.
- چەند خێوەتگەیەك تەواو کراون لە پارێزگای دهۆك کە ستانداردەکانی دامەزراو پڕ ناکەنەوە لە ڕووی ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی و ئاسانکاریەکانی تر. بانگەشە بۆ باشترکردنی ئەم بابەتە بەردەوامیان هەیە لەسەر زۆربەی ئاستەکان، و بەرەوپێشوەچوونەکان پێویستە چاودێری بکرێن بۆ دڵنیاکردنەوەی کە دەست گەیەنراوە بە ستانداردەکان. هەماهەنگی فرە گروپ لەسەر ئەم کێشانە بەردەوامی هەیە.

## تەندروستی

وەڵامدانەوە:

- هاوکارانی گروپەکە چاودێری پزیشکیان دابین کردووە بۆ ١١٨٤٧ ئاوارەی ناوەخۆیی کە دەناڵێنن بە دەست جۆراوجۆری نەخۆشیە گواستراوەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، هەروەها لە قەزای ئەلقائمی سەر بە پارێزگای ئەنبار و قەزای حەمدانیە لە پارێزگای موسڵ. لە نێوان ئەوانەی کە چارەسەرکراون بریتی بوون لە ١٢٣ حاڵەتی شەکرە و ١١٧ حاڵەتی زەخت چارەسەرکردنیان وەرگرتووە لەگەڵ ٧٣٥ خەڵك هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. ٢٣٨ ئافرەت گەیەنراون لەگەڵ هاوکاری دکتۆرێکی شارەزا لە بارەی لەدایکبوون. نزیکەی ٢٨٢٣ ئاوارەی ناوەخۆیی ئامادەبیان هەبوو لە دانیشتنەکان لەسەر گرنگی کوتان.
- لەوەتەی ١ی ئەیلول ٦٢ حاڵەتی نەخۆشی جگەر ڕاپۆرتکراون لە خێوەتگەی جۆراوجۆری ئاوارە ناوەخۆییەکان لە پارێزگای دهۆك. بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە و حاڵەتەکان کەم دەبنەوە. لە پارێزگای هەولێر لە خێوەتگەی بەحرکە ١٤ حاڵەتی نەخۆشی جگەر ڕاپۆرت کراون لەوەتەی سەرەتای مانگی نۆڤێمبەر. هاوکارانی گروپەکە لێکۆڵینەوە دەکەن لەبارەی چالاکیەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی لە خێوەتگەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی ئەمن و ئاسایش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دابین کردنی هاوکاری پزیشکی لە پارێزگاکانی موسڵ و ئەنبار و کەرکوك و سەلاحەدیین و دیالە.

- نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، سیستەمی گەرم کردنەوەی شوێن نیشتەجێبوونەکان و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان، لە کۆتاییدا بە نەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر باری تەندروستی دانیشتووانانی ئاوارە بەدرێژایی وەرزی زستان.
- بۆشاییەکانی ئێستا و کەم و کورتیەکان لە دەرمانەکانی ڕزگارکردنی ژیان، بەتایبەتی بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان، بەرزدەبنەوە بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دارایی.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- سنورداریەکانی چوونەژوورەوە بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان کە هەوڵ دەدەن بچنە ژوورەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو خۆی دەمێنێتەوە لەو شوێنە، بەتایبەتی بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکانی کە بەرەگەز عەرەبن. ئەو سنوردارکردنانەی جولانەوە ڕاپۆرتکراون بۆ ئەوانەی کە هەڵاتوون بەهۆی ململانێ لە پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەددین و دیالە، لەگەڵ بێجگەلە لە هەندێ لە نیگەرانیەکانی پزیشکی و حالەتە زۆر خراپەکانی تر بەرزکراونەتەوە بۆ سەلامەتی ئاوارە ناوەخۆییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو ئاوارانەی کە لەو شارانەوە هاتوون وەکو موسڵی کۆنترۆڵکراو لەلایەن داعشەوە.
- دوابەدوای تەقینەوە خۆکوژیەکەی ١٩ی نۆڤێمبەر لە هەولێر سنورداریەکی زیاتر هەیە لەسەر ئاوارە ناوەخۆییەکان کە دێنە ژوورەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بەڵام بەتایبەتی پارێزگای هەولێر، کە دەسەڵاتداران ئەو هۆیەیان هێنایەوە لەسەر بنەمای سنورداریەکانی ئەمن و ئاسایش. لە خاڵی چوونەژوورەوەی شێخ عبدلخەدر (موسڵ – هەولێر) هەندێ لە ئاوارە ناوەخۆییەکان ڕێگەیان نەدراوە کەوا بچنە ژوورەوە بۆ هەولێر، لەوکاتەی لە خاڵی پشکنینی شێراوە (کەرکوك – هەولێر) ڕاپۆرت کرابوو کە تەنها یەك خێزان کە لە شەش ئەندام پێکهاتبوو ڕێگەیان دراوە بۆ ئەوەی بچنە ژوورەوە لە دوای ماوەی ٢٤ کاتژمێر. ئەو خێزانانەی کە ڕێگەیان نادرێت بچنە ژوورەوە بە شێوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوبوونەتەوە لە ناوچەکانی دەوروبەری خاڵە پشکنینەکان (کە نەگەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان).
- هەروەك گواستنەوەی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە قوتابخانەکان بۆ خێوەتگەکان بەرەوپێشەوە دەچێت، نیگەرانی بەردەوام هەن کە لەبەرچاوگرتنەکانی پاراستن بە شێوەیەکی تەواو نەخراونەتە ناو شوێنی پلاندانانەکە، لە چاڵاکیەکانی شوێنی نیشتەجێبوون و ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی.
- چەك و تەقەمەنی نەتەقێندراو لە نزیك خێوەتگەی دێرابوون دۆزراونەتەوە، کە تێکەڵ بووە لەگەڵ پارچەی ئاسن کە منداڵانی ئاوارە ناوەخۆییەکان کۆیان دەکەنەوە بە ئامانجی کۆکردنەوەی داهات.
- ئاوارەیەکی ناوەخۆ گەشتی دەکرد لە خێوەتگەی بەهاری تازە (لە پارێزگای دیالە) بۆ مقدادیە ڕفێندرا لە خاڵێکی پشکنینی نایاسایی و کەوا لەلایەن هەندێ پیاو ڕفێندرا کە جل و بەرگی سەربازیان لەبەردابوو، کە دەیانگووت ئەوان ئەندامانی میلیشیای عەسایب ئەلحەقن. ئاوارە ناوەخۆییە ڕفێندراوەکە ئازادکرا لەسەر پێدانی فدیەیەك، کەوا خێزانەکەی کۆیان کردبۆوە لە دوای داوایەك بۆ پاڵپشتی دارایی. دەکرێ کە ڕووداوەکانی لەو جۆرە لە ژێر ڕاپۆرتی پێدراو لە بارەی سروشتی تاوانەکە بێت.

وەڵامدانەوە:

- چاودێریکردنی پاراستن بەردەوامی هەیە لەوەتەی مانگی شوباتی ٢٠١٤ کە ٧٤٩٨٦٧ کەسی لەخۆی گرتبوو کە دەکاتە ١٧٨٢٢ حالەت بۆ هاوکاری پارەی کاش، ٣٢٧٣٤ حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە، و ڕەوانەکردنەکان جێبەجێ کراون بۆ ١٠٩٣٣ کەس کە خاوەن پێداویستی تایبەتن. هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی دابین کراوە بۆ ٨٣٠٤ منداڵ و ١٣٧١٣ پێداویستی ئافرەتان دابەشکراون بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.
- لە پارێزگای سلێمانی چاڵاکیەکانی تۆمارکردنی ئاوارە ناوەخۆییەکان بەرەوامیان هەیە و تیمە گەڕۆکەکان دەستیان گەیشتووە بە ٢٩٩٨ خێزان بە درێژایی ماوەی ڕاپۆرت کردنەکە.
- هاوکارانی گروپەکە، بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی تری پاراستن و توندوتیژی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی، یادەوەری ١٦ ڕۆژەی هەڵمەتی چاڵاککردن دەکەنەوە لە شوێنە جیاوازەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤێمبەر تاوەکو ١٠ی دیسەمبەر.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لەبەرچاوگرتنەکانی ئەمن و ئاسایش دەبنە ڕێگر لەبەردەم چاودێریکردنی پاراستن لە ناوچەکانی ئەودیوی کۆنترۆڵی حکومەت.

- لە پارێزگای دهۆك، دابین کردنی پارچە زەوی بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵگا (لەوانە ژینگەکانی منداڵان، و پەروەردە و سەنتەرەکانی کۆمەڵگا) دەست نیشان نەکراوە لە هەموو خێوەتگەکان.
- خزمەتگوزاریەکانی بەڕێوەبردنی حالەتی پاراستنی منداڵ سنوردارن لە شاری هەولێر و پرۆگرام دانان بۆ گەنجان (لەتەمەنی ١٥ ساڵان بەرەو سەروو) بۆشاییەك بەجێدێڵێت لە بەحرکە، و خێوەتگەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکانی هەرشەم و سەنتەری کۆکردنەوەی ئاوارەکان لە هۆڵی عەنکاوە.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- ئێستا زیاتر لە ٣٣٠٠٠ منداڵ (کە تەمەنیان لە نێوان ٤ بۆ ١٧ ساڵانە) لە خێوەتگەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان نیشتەجێن لەسەرتاسەری باکوری عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە پێویستی دان لە قوتابخانەکان.
- لە پارێزگای دهۆك، ٧٧ قوتابخانە هێشتا دەبێت چۆڵبکرین، لەوانە ٥٥ قوتابخانە لە قەزای سمێل و ٢٢ قوتابخانە لە شارۆچکەی دهۆك. هەموو قوتابخانەکان پێشبینی دەکرێن کەوا چۆڵبکرێن پێش دەستپێکی پۆلەکانی خوێندن لە پارێزگاکە لە ڕۆژی ١ی١٢.
- ٤٤ قوتابخانە بەم دواییە چۆڵکراون لە پارێزگای ئەنبار، بەڵام ٣٧٦ قوتابخانە بە داگیرکراویب دەمێننەوە لەلایەن دانیشتووانانی ئاوارە یان سەربازی و گروپە چەکدارەکان. ٧٣٥ قوتابخانە لەسەرتاسەری عێراق لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان هێشتا داگیرکراون، لەگەڵ ئەوەشدا خەملاندنیکی ١٣٠ قوتابخانە کە داگیرکراون لەلایەن هێزی سەربازی، بۆ کۆی ٨٦٨ قوتابخانە کە داگیرکراون لەسەرتاسەری عێراق ( ژمارەکان لە بەرزبوونەوەدان).

وەڵامدانەوە:

- بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشی پەروەردەی دهۆك هاوکارانی گروپەکە دەستیان کردووە بە نۆژەن کردنەوەی زیاتر لە ٣٠٠ قوتابخانە کە بەم دواییە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکانەوە چۆڵکراون. ئەم کارەش، لەوانە پاك کردنەوە و چاککردنەوەی بچووك، قوتابخانەکان ئامادە دەکات بۆ دەست پێکردنی ساڵی خوێندن لە ڕۆژی ١ی ١٢. لە هەولێر، هەروەها بەشی پەروەردەش خۆی ئامادە دەکات بۆ کردنەوەی دەرگای قوتابخانە چۆڵکراوەکان لەوانە چاك کردنەوەی بچووك و خاوێنکردنەوە.
- سێ قوتابخانەی ئاوارە ناوەخۆییەکان کە بۆ (٣٩٦ قوتابی) یە لە پارێزگای سلێمانی لە (چەمچەماڵ) سوودیان وەرگرتووە لە گەیاندنی قوتابخانە و ماددەکانی فێرکردن.
- ١٦٥ منداڵی گەنج سوودیان وەرگرتووە لە پرۆگرام دانانی چاودێری و پەرەپێدانی سەرەتایی بۆ منداڵان لە خێوەتگەی بەحرکە لە هەولێر. لە دهۆك، کۆی ١١٣ منداڵ سوودیان وەرگرتووە لە چالاکیەکانی چاودێری و پەرەپێدانی سەرەتایی بۆ منداڵان لە ٢ ژینگەی منداڵان لە فەیدا و وارسیتی و ٢٦ منداڵی تر لەخۆ دەگرێت لە چالاکیە پەروەردەییە نافەرمیەکان.
- ١٣ کەنتەینەری ژینگەی فێربوونی تر دراونەتە دەستی کۆبانێ (٧) قوتابخانە و کارێزان (٦) قوتابخانە لە پارێزگای هەولێر، دابین کردنی ژینگەکانی فێربوون بۆ ٣٩٠ قوتابیانی ئاوارە ناوەخۆییەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- جولانەوەی زۆری دانیشتووانانی ئاوارە بەرەنگاریەکان دروست دەکات لە کۆکردنەوە و شیکاری لە دەست گەیشتنی منداڵانی ئاوارە ناوەخۆییەکان بۆ قوتابخانە.
- ژینگەی تەرخانکراو بۆ قوتابخانەکان لە خێوەتگەکان بەش ناکات بۆ ژمارەی پێشبینیکراوی منداڵانی کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە.
- کەرتی پەروەردە لە ژێر پاڵپشتیەکی گەورە دەمێنێتەوە، لە کەمتر لە ١٠% کە پاڵپشتی کراوە.

## کەل و پەلەکان

پێویستیەکان:

- گروپەکە پێشبینی دەکات لە زیادبوونی داوایەکان بۆ هەردوو خەزنکردن و گواستنەوە – بە ڕێگای ووشکانی و ئاسمانی – بۆ وەڵامدانەوەی وەرزی زستانەی بەردەوام. پێویستیەکانی خەزنکردنی کۆگای زیاتر و گواستنەوە پێشبینی دەکرێن لە هاوکارانی مرۆیی بۆ هاوکاری وەرزی زستانە. ستراتیژیەکی کۆمەکی بەرزکراوە بریتی یە لە توخمێکی بودجەی گروپی کەل و پەلەکان و لەگەڵ بەرژەوەندی زیاتر لە بەرزکردنەوەی کەل و پەلی وەرزی زستانە بە ڕێگای ئاسمانی لەلایەن گروپەکەوە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە دەیەوێت هاوکاری بکات.
- لە وەڵامدانەوەی ژینگەی نەبوونی ئەمن و ئاسایشی زۆر، بەتایبەتی لە پارێزگای ئەنبار، گروپەکە چاودێری توانا دەکات لە بەرامبەر داوایەکە بۆ ڕێگاکانی کەل و پەلەکان.

وەڵامدانەوە:

- بەرزکردنەوەی ئاسمانی ستراتیژیانە کە عەممان و UNHRD دبی بەجێدێڵێت بۆ هەولێر خشتەیان بۆ دانراوە بۆ سەرەتای ناوەندی مانگی ١٢.
- گروپی کەل و پەل بەردەوامە لە دابین کردنی خەزنەی کاتی لە دهۆك و هەولێر لەگەڵ هەندێك لە گواستنەوەی سنوردار بۆ ناوچە دیاریکراوەکان هەروەها ئەگەری هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی سەرکردە، ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی WFP، ئەگەر داوا بکرێت. خەزنەی ئێستا کە لەبەردەستدایە لە دهۆك بریتی یە لە ١٠٠٠ مەتری دووجا و لە هەولێر بریتی یە لە ٤٥٠ مەتری دووجا.
- پێنج یەکەی خەزنەی گەڕۆکی تر فەرمانیان بۆ دەرچووە بۆ نوێکردنەوەی خەزنەکان هەروەك قەرزەکانی ئەم دواییە بۆ هاوکاران و خەزنەی زیاتر لە دهۆك کەم کراوەتەوە لە بازاڕی ووڵات بۆ یەکەکانی خەزنە بۆ دوو یەکە.
- کۆگایەکی هاوکارێك لە دهۆك کە پێك دیت لە جل و بەرگی گواستراوە نێردراوە.
- گروپی کەل و پەلەکان بەڵگەنامەکانی گەشت و بەڵگەنامەکانی ڕێکەوتی دروست دابین دەکات – بۆ هەر داواکاریەکی ئەمن و ئاسایشی فرۆکەخانەیەك – بۆ بەرزکردنەوەی کۆمەکی بەڕێگای ئاسمانی لە لاهۆرەوە بۆ هەولێر کە پێك دێت لە ٣٦٠٠ پێداویستی وەرزی زستان. دوو لەو حەوت گەشتەی ئاسمانی تاوەکو ئێستا گەیشتوونەتە هەولێر. ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە گەشتە ئاسمانیەکان پلانیان بۆ دانراوە بۆ هەفتەکانی داهاتوو.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- گروپەکە گفتوگۆی کردووە لەگەڵ هاوکاران لەبارەی ئەگەری پاڵپشتی دارایی بۆ سێ کۆمەکی فریاگوزاری وەرزی زستانە بە ڕێگای ئاسمانی بۆ کۆمەکیەکانی وەرزی زستانە. هەڵسەنگاندنی هاوکارەکە پێویستە بۆ دەست نیشان کردنی هەر بۆشاییەك هەبێت لە زنجیرەی کۆمەکی.

## گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

پێویستیەکان:

- کۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق داوای خزمەتگوزاریەکانی فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی فریاگوزاری کردووە. دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە شارە گەورەکان سەلامەتی و ئەمن و ئاسایشی کەسایەتی مرۆیی باشتر دەکات. دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت لە خێوەتگەکان ڕێگە دەدات بە ڕێکخراوەکان بۆ هەماهەنگی کردنی ئۆپەراسیۆنەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر.

وەڵامدانەوە:

- هەڵسەنگاندنێکی ژووری ڕادیۆ لە کۆمپاوندی ڕێکخراوی یۆنامی بەردەوامی هەیە لە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یۆنامی و کەرتی ئاسایش لە عێراق. ئەمانجەکە بریتی یە لە گۆڕینی ژووری ڕادیۆ بۆ سەنتەرێکی ئۆپەراسیۆنەکان، کە ئەمن و ئاسایش و بەدواداچوونی توانا باشتر دەکات.
- دوابەدوای دابین کردنی لەرەلەری زیاتر لەلایەن ڕێکخراوی یۆنامی بۆ گروپی پەیوەندی فریاگوزاری، نێردەکان دەنێردرێن بۆ دهۆک و سلێمانی بۆ زیادکردنی کەناڵی زیاتر بۆ تۆری ڕادیۆی ژمارەیی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ستافی مرۆیی زیاتر دەتوانن تۆڕەکە بەکاربهێنن.
- مەشقی ڕادیۆی پێشکەوتوو دابین کراوە بۆ ئەندامانی ستافی کەرتی ئاسایشی لە عێراق و شوفێرانی ڕێکخراوی یۆنامی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەڵبژاردەکانی گەشت بۆ هاوردەکردنی بڕێکی زۆری ئامێرە زۆر گرنگەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری بە سنورداری دەمێننەوە. ئەمەش دەتوانێت ناردنی خزمەتگوزاریەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری دوابخات.

## هەماهەنگی گشتی

لە ڕۆژی ١٤ی تەموزی ٢٠١٤، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ٢١٦٥ی پەسەند کرد (SCR 2165)، کە تیایدا ڕێگا دەدات بە ئاژانسە مرۆییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی جێبەجێکاریان بۆ دابین کردنی هاوکاری پەڕینەوەی سەر سنور بۆ سوریا. بڕیارەکە میکانیزمێکی چاودێریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەمەزرێنێت، لە ژێر دەسەڵاتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. تیمەکانی تەواو کارا نێردراون بۆ ئوردەن و تورکیا. نێردەیەکی UNMM بۆ عێراق جێبەجێ کراوە لە ٢٣ تاوەکو ٢٧ی نۆڤێمبەر. گفتوگۆیەکان جێبەجێکراون لەگەڵ حکومەتی عێراق سەبارەت بە ئەگەری دانانی ئۆپەراسیۆنەکان کاتێك بارودۆخی ئەمن و ئاسایش ڕێگە دەدات. هەروەها تیمەکە کۆبوویەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و تیمی سەرەکی مرۆیی لە وولات و لەگەڵ هاوکارە سەرەکیەکان لە وولات. حکومەتی عێراق پێشوازی کرد لە دەستپێشخەری و ڕێککەوتوون کە، سەرەڕای پێداویستیە زۆرەکان لەو وولاتە، ئەوە گرنگە بۆ دۆزینەوەی دامەزراندنی UNMM لە عێراق و سوریا، هەروەك سوریەکان دەبێت هاوکاری بکرێن بۆ نزیك ماڵەکانی خۆیان هەتاوەکو بکرێت.

چاوپیاخشاندنەوەی تیمی سەرەکی مرۆیی وولات بە میکانیزمەکانی هەماهەنگی مرۆیی لە عێراق بەردەوامی هەیە. لێژنەی ئاراستە کردن، کە پێک دێت لە ئەندامانی IASC/HCT، لە ڕۆژی ٢٣ی نۆڤێمبەر کۆبوویەوە، ڕێککەوتوون لەسەر مەرجەکانی پشتگیری و جۆری ئیش و کار. لێژنەکە هێلە ڕێبەریەکانی بەکۆتا هێناوە، ڕاپرسیەکی بەرفراوانی وولات، و پلاندانان بۆ ڕاوێژکردنی کاربەدەستان، چاودێری چاوپیاخشاندنەوە، دەستی پێکرد لە ڕۆژی ٢٧ی نۆڤێمبەر (کە بۆ ماوەی هەفتەیەك کراوەتەوە)، دەگەڕێت بەدوای پێشنیەکان لەلایەن کاربەدەستانی گەورە لەسەر ئاستەکانی نیشتمانی و ناوخۆیی، لەوانە دەسەڵاتداران، کۆمەك بەخشان و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆییەکان، و تیمی سەرەکی مرۆیی وولات و ئاژانسە مرۆییەکان و گروپەکان و هاوکارانی هەماهەنگی گروپ. چاوپیاخشاندنەوەی هەماهەنگی کە دەبێت تەواو بکرێت تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ١٢.

دەستپێشخەری REACH، لەجیاتی وەزارەتی پلان دانان، هەڵسەنگاندنێکی پێویستیەکانی فرەگروپی جێبەجێ کرد بۆ کەسە ئاوارە ناوخۆییەکان. ڕێکخراوی REACH زانیاری لەسەر ئاستی خێزانی کۆکردۆتەوە لە نێوان ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق کە لە دەرەوەی خێوەتگە دامەزراوەکان ژیان بەسەر دەبەن لە ٢٠ قەزای هەرێمی کوردستانی عێراق. کۆکردنەوەی زانیاری ڕوویدا لە ١٤ تاوەکو ٣٠ ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ کە ٢٠ قەزای لەخۆگرتبوو. کۆی ١٧٥٧ خێزان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا و دۆزینەوەکان ئێستا ڕێکەوتی ڕاست و دروستە لەلایەن گروپەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و هەولێر و ڕاپۆرتی کۆتایی دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا بەرجەستە بکرێت.

بۆشاییەکان لە ڕەگەز بۆ کاری مرۆیی دەست نیشانکراون لە وەڵامدانەوەی عێراق، لەوانە نارێککەوتن لە نێوان گروپەکان لە دانانی ڕەگەز و تەمەن لە زانیاری پۆلینکراو و شیکاری ڕەگەزی لە هەڵسەنگاندنەکان، چاودێریکردن و ئامێرەکانی گفتوگۆ. ڕاوێژکاری توانای جێندەری ڕەگەزی لە فرە ئاژانسەوە کاردەکات لەسەر زنجیرەیەك لە ڕاوێژکردنەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، بەهێزی دەکات و کارە سەرەکیەکان بۆ بەردەوامیدانی بە ڕەگەز (جێندەر) لە وەڵامدانەوەی مرۆیی عێراق، و نەبوونی سەرچاوەی تەرخانکراو. تیمی سەرەکی مرۆیی وولات پەرەی بە سێ کاری سەرەکی داوە لە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو بۆشاییانە: ئامۆژگاری تەکنیکی بۆ مرۆیی وولات و تیمی سەرەکی مرۆیی لە وولات، بەردەوامیدان بە بواری جێندەر لە گروپەکان، هاوکاری تەکنیکی و

ڕێبەریکردن بۆ نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی، بانگەشە و پارێزگاری و گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەك بەخشان و ئەندامانی وولات، وولاتانی ئەندام، هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ کاربەدەستانی هەماهەنگی سەرەکی، و بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی لەسەر سیاسەتی IASC و ئامێرەکان. پلانێکی کار پەرەی پێدراوە بۆ کارکردن لەسەر ئەو کارە سەرەکیانە لە شەش مانگی داهاتوودا.

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەڵاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و شنگال و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ڕیاز و فەلوجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆلی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووەتە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە ٢ملیۆن ئاوارە هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

باربەرا مانزی، سەرۆکی نووسینگە، manzi@un.org,

مۆبایل عێراق: 9201 312 750 (0) 964+

دەیڤد سوانسۆن، بەرپرسی زانیاری گشتی، swanson@un.org

مۆبایل عێراق: 0849-377-750 (0) 964+

بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر@OCHAIraq

بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن:https://iraq.humanitarianresponse.info